# سديق عەلی سەنتەری گەنجانی رانیە پڕ دەکا لە ئاسن



ئاسن، بەدیوە جوانەکەیداو گەڕانی مرۆڤێکی هەستیار لە نهێنیە شاراوەکانی نەرمیەتی، لەناو ئاسنێکدا، ناوەرۆکی ئەو قەسیدە شیعریە بوو، کە سدیق عەلی لە کۆڕێکی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەدا، خوێندیەوە

سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە لەناو پێشوازیەکی بێ وێنەی جەماوەری شیعری ناوچەکە، کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیری لاو (سدیق عەلی) ساز کرد بەناوی (دیداری ئاسن)، لە رۆژی پێنج شەممە 2007/5/31 کاتژمێر 5ی ئێوارە لە باخچەی سەنتەر، سەرەتا هەندرێنی شێخ راغیب کۆڕەکەی کردەوەو نەغمەی دلڕفێنی گیتارێك کە بەدەستی هونەرمەندی گەنج (پوریا جەمشید) دەژەنرا، سەرنجی ئامادەبوانی گۆشکرد، تا مەستانە گوێ بۆ دەقە شیعریەکان شل کەن، ئینجا سدیق عەلی قەسیدەی ئاسنو چەند شیعرێکی تری خوێندەوەو بەشدارانی کۆڕەکەی، لەگەڵ هەستو بیری خۆی ئاوێزان کرد، لەدواییشدا چەند رۆشنبیرو نووسەرو ئەدیبێکی شاری رانیە، سەرنجەکانی خۆیان دا، کە زیاتر لەپیشاندنی سەرسامیو دەستخۆشی، خۆیان دەبینیەوە، کۆڕەکە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی خایاندو تا دوا ساتەکانی کۆڕەکە جەماوەری شیعر لەشوێنی خۆیان نەجولاْنو کۆڕەکەیان جێ نەهێشت.

